# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٢٧) سالی بیست وچوار ١١ تشرینی دووەم ٢٠٢٤زاینیی ٢١ گەلاریزان ٢٧٢٤ کوردی ٩ جمادی یەکەم ١٤٤٦ کۆچی

**327**



**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ١ لا

سەنتەرەکانی ئاشناکردنی کرێکاری بیانی بە زمانی کوردی

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٤

مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارتی دارایی و ئابووری** ٨

تایبەت بە سەرمووچەی ساڵانەی پلە تایبەتەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارتی دارایی و ئابووری** ٨

تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٢

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٩

هەمواری سێیەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ١٠

ڕێنمایی ڕێکخستنی کاروباری چاودێرانی ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان

**بەیانی ژمارە (١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ١٦

**بەیانی ژمارە (٩ - ١٣ - ١٤ - ١٥ - ١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٢١

**بەیانی ژمارە (٢٣ و ٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٢٤



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد(٣٢٧) السنة رابعة وعشرون ١١ تشرينی الثاني ٢٠٢٤ م. ٢١ گەلاريزان ٢٧٢٤ ك. ٩ جمادي الأول ١٤٤٦ هـ.

327

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١ |
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٤ |
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة المالية والاقتصاد | ٨ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٤ وزارة المالية والاقتصاد | ٨ |
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٩ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ هيئة حماية وتحسين البيئة | ١٠ |
| بيان رقم (١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ١٦ |
| بيان رقم (٩ - ١٣ - ١٤ - ١٥ - ١٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٢١ |
| بيان رقم (٢٣ و ٢٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٢٤ |


No. 327 Date: November 11, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

نرخ ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٦٨٤٩ لە ٢٠٢٤/١٠/١٦**

پاڵپشت بە ماددەی (١٤) و (١٦)ی یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ ، و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢)ی یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧، و لەژێر رۆشنایی فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (٦٠٤) لە ٢٠٢٣/٢/٢١ ، ئەو رێنماییەمان دەرکرد:

## رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤

## سەنتەرەکانی ئاشناکردنی کرێکاری بیانی بە زمانی کوردی

**ماددە (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم رێنماییە :

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکانی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی کار و ڕاهێنانی پیشەیی لە ئیدارە سەربەخۆکان هەرێم.

**شەشەم: کرێکاری بیانی:** هەر کەسێکی سروشتی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراق نەبێت ، کار بکات یان ئارەزووی کارکردنی هەبێت لە هەرێم وەکو کرێکار.

**حەفتەم: سەنتەر:** سەنتەرەکانی ئاشناکردنی کرێکاری بیانی بە زمانی کوردی.

**هەشتەم: سەنتەری راهێنانی پیشەیی** : سەنتەرەکانی راهێنانی پیشەیی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

**ماددە (٢): ئامانج**

**یەکەم:** ئاشناکردنی ئەو کرێکارە بیانییانەی کار دەکەن لە هەرێم بە زمان و کولتووری کوردی .

**دووەم:** بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانی کار لە نێوان خاوەنکار و کرێکاری بیانی .

**سێیەم:** ئاشنابوونی کرێکاری بیانی بە ماف و ئەرکەکانی بەپێی یاسا و رێنماییەکان .

**ماددە (٣):**

کاری سەنتەرەکان بریتییە لە ئاشناکردنی کرێکاری بیانی لە هۆتێل و ڕێستۆرانت و چێشتخانە وشوێنە گەشتیارییەکان و کرێکاری ناوماڵ بە زمان و کولتووری کوردی .

**مادده (٤):**

**یەکەم:** مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت و سەندنەوەی مۆڵەتەکە لە دەسەڵاتی وەزیرە یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیر پێ دەدرێت.

**دووەم:** مۆڵەتەکە بۆ ماوەی یەك ساڵە و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

**سێیەم:** لیژنەیەکی تایبەتی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتییەکان پێکدەهێنرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سەنتەرەکان ، بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەم بارەیەوە.

**مادده (٥): ڕێککار و مەرجەکانی کردنەوەی سەنتەر:**

داواکارییەك لەلایەن کەسی سروشتی یان مەعنەوی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت و ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- کارتی نیشتیمانی یان ناسنامەی کەسیەتی داواکار.

٢- پشتگیری باجی دەرامەت و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگا.

٣- پابەندبوون بە ڕێنمایی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی .

٤- دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ سەنتەرەکە لەگەڵ گشت خزمەتگوزارییەکان.

٥- تەمەنی بەشداربوو لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٦- بۆ هەر پۆلێك (١٥) پازدە بەشداربووی زیاتر تێدا نەبێت.

**مادده (٦):**

**یەکەم:** پێویستە هەر سەنتەرێك ژمارەیەك کارمەندی تێدابێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- مامۆستا بۆ تیۆری زمان.

٢- توێژەرێکی کۆمەڵایەتی .

٣- ڕاهێنەرێك بە مەبەستی ڕاهێنانی کرێکارە بیانییەکان لەم بوارەی کە گرێبەستەکەی لەگەڵیدا ئەنجامدراوە.

**دووەم:** بڕوانامەی دەرچوون لە خولەکان پێشکەش بە کرێکارەکان دەکرێت.

**سێیەم:** پابەندبوونی سەنتەرەکە بە یاسا و ڕێنمایی وەزارەت لەم بوارە.

**مادده (٧):**

لە کاتی سەرپێچی کردنی سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت بە ماددەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە، دوو جار ئاگادارکردنەوەی ئاراستە دەکرێت ، ئەگەر پابەند نەبوو مۆڵەکەتەی لێ دەسێندرێتەوە.

**مادده (٨):**

**یەکەم:** لە بەڕێوەبەرایەتی ، بەرانبەر بەشداربوونی هەر کرێکارێك بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە خاوەنکار وەردەگیرێت لە خولەکانی ئاشنابوون بە زمان و کولتووری کوردی .

**دووەم:** لە سەنتەرەکانی تایبەتی ، بڕێك پارە وەردەگیرێت لە بەرامبەر بەشداربوونی هەر کرێکارێکی بیانی لەو خولانە کە لە (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**مادده (٩):**

**یەکەم:** بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەت.

**دووەم:** بڕی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگێرێت لە بەرامبەر نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**مادده (١٠):**

سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە کەرتی تایبەت بۆیان هەیە خولەکانی ئاشناکردنی ئەو کرێکارە بیانییانەی کار دەکەن لە هەرێم بە زمان و کولتووری کوردی ، بکەنەوە .

**مادده (١١):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٧٠٩٤ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٩**

پاڵپشت بەماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە بالآیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ماددەی (١٢) لەیاسای هەموارکراوی یاسای ناوبراو ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**مادده (١): ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە:**

**یەکەم:** (کەمئەندام + خاوەن پێداویستی تایبەت) هەرکەسێك دووچاری پەککەوتەییەکی ماوە درێژ بێت، جا چ جەستەیی بێت یان ئەقڵی یان هزری یان هەستی، بەشێوەیەکی تەواو بێت یان بەشەکی، بەجۆرێك ببێتە بەربەستێك لەبەردەم بەشداریکردنی لەکۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی سروشتی هاوشێوەی کەسانی دیکە.

**دووەم:** (خۆتەرخانکەر) هەرکەسێك کە خۆی تەرخان دەکات بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت کە ناتوانێت بەدەم خواستی ئاسایی ژیانی خۆیەوە بچێت و پێویستی بەچاودێری هەمیشەیی هەیە.

**مادده (٢): مەرجە پێویستەکانی خۆتەرخانکەر:**

**یەکەم:** توانایی تەواوی هەبێت و گونجاو بێت بۆ چاودێریکردن و هاوکاریکردنی کەمئەندام و لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە تەندروست بێت.

**دووەم:** پێویستە لە ئەندامانی پلەیەکی خێزانی کەمئەندام بێت ، ئەگەر نەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەکەی بێت بە پێی پلەی خزمایەتی و نزیکی لێیەوە.

**سێیەم:** شوێنی نیشتەجێبوونی لەهەمان شوێنی نیشتەجێبوونی کەمئەندام بێت بەپێی پسوولەی خۆراك یان کارتی زانیاری یان پشتگیری موختار.

**چوارەم:** لەکاتێکدا کە منداڵی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دایکی ژنی ماڵەوە بێت تەنها دایکەکە دەبێتە خۆتەرخانکەر بۆی ، جگە لە :

أ- ئەگەر دایکەکە دووچاری نەخۆشییەك بوو بێت کە ببێتە هۆکاری پەککەوتەیی یان نەخۆشییەکی دەروونی کە ڕێژەکەیان لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت و یان نەخۆشی شێرپەنجە و کاریگەرییان هەبێت لەسەر توانای چاودێریکردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و بە ڕاپۆرتی لیژنە پزیشکییە هەمیشەییەکانی وەزارەتی تەندروستی پشت ڕاست بکرێتەوە.

ب- بوونی زیاتر لە دوو کەمئەندام لە خێزانەکەیدا .

**پێنجەم:** نابێت کەسێك لەیەك کاتدا خۆی بۆ چاودێریکردنی زیاتر لە دوو کەمئەندام لەخێزانێکدا تەرخان بکات ( دەبێت دووکەمئەندامەکە لەیەك ماڵدا بن ) .

**مادده (٣):**

پێویستە خۆتەرخانکەر بەڵێن بدات کە خۆی بۆ چاودێریکردنی کەمئەندام تەرخان دەکات و هیچ کارێکی تر نەکات و لە هیچ ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکیش دەوام نەکات و ئەگەر پێچەوانەکەی دەرکەوت سزادەدرێت بەپێی هاتوو لە ماددەی یازدەیەمی ئەم ڕێنماییە.

**مادده (٤):**

**مەرجەکانی (کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت) کە هۆکارن بۆ ئەوەی خۆتەرخانکەری بۆ دابین بکرێت :**

**یەکەم:** جۆر و ڕێژەی کەمئەندامیەکەی بە ڕاپۆرتێك لەلایەن لیژنەی پزیشکییەوە دیاری بکرێت بەم شێوەی خوارەوە :

أ- کەمئەندامی (نابینا- ئیفلیجی مێشك-جەستەیی بزوێنی) و دەردە فیل و شیزۆفرینا : پێویستە ڕێژەکەی (١٠٠٪) بێت.

ب- بۆ (ئۆتیزم -مەنگۆل- بیرکۆڵ ) ڕێژەکەیان لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت.

ج- شەکرەی جۆری یەکەم ( تایپی یەکەم) بۆ منداڵی خوار (١٥) ساڵ.

**دووەم:** سەبارەت بەو کەمئەندامانەی نابینان بەڕێژەی(١٠٠٪) و لەکەرتی گشتی یان تایبەت دەوام دەکەن، مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نایانگرێتەوە.

**سێیەم:** سەبارەت بەکەسانی پەککەوتەی بەساڵاچوو کە تەمەنیان لەسەروو (٥٥ ساڵ) بۆ ئافرەتان و (٦٠ ساڵ) بۆ پیاوان بۆ ئەوەی خۆتەرخانکەریان بۆ دابین بکرێت ، پێویستە :

أ- پەککەوتەییەکەیان بەڕیژەی (١٠٠٪) بێت و هۆکاری پەککەوتەییەکەیان بە هۆی چوونە ناو تەمەنەوە نەبێت ، بەڵکو لە دەرەئەنجامی ڕووداوێك یان بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ پەکەوتەییەکە دروست بوو بێت و لەلایەن لیژنەی پزیشکییەوە جۆر و ڕێژەکەی دیاری دەکرێت.

ب- ئەو کەسە پێش تەمەنی (٥٥ ساڵ بۆ ئافرەتان و ٦٠ ساڵ بۆ پیاوان ) کەمئەندام بوو بێت بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی یان بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو .

**مادده (٥):**

بۆ دابینکردنی خۆتەرخانکەر مەرج نیە کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت سوودمەندی کۆمەکی کەمئەندامی بێت.

**مادده (٦):**

ئەو باوك و دایکانەی کە دوو حاڵەتی کەمئەندامی ئۆتیزمیان هەیە لە خێزانەکەیاندا مۆڵەتی خۆتەرخانکەر دەدرێت بە هەردووکیان.

**مادده (٧):**

ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نایانگرێتەوە جگە لەو کەسانەی کە بۆ چارەسەری پزیشکی دەبردرێنە دەرەوەی وڵات بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێویستە ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەش بکات کە لە لایەن لیژنەی پزیشکییەوە پشتراست کرابێتەوە و لە ڕاپۆرتەکەدا دیاریکرا بێت کە پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە لە دەرەوەی وولات و ماوەی چارەسەر کردنەکەشی دیاری کرابێت ((نابێت لە ٦ مانگ زیاتر بێت)).

**دووەم:** پێویستە خۆتەرخانکەر بەڵێننامە پڕبکاتەوە کە دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و لە بەڵێننامەکەدا ئاماژە بە ڕێکەوتی چوون و گەڕانەوەی بکرێت.

**سێیەم:** پێویستە خۆتەرخانکەر پێش گەشتکردنی بۆ دەرەوەی وولات تەواوی ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی خۆتەرخانکەری تەواو کردبێت و مۆڵەتی پێدرا بێت.

**مادده (٨):** کەمئەندام مێینە (انثى) لەلایەن خۆتەرخانکەری مێینەوە چاودێری دەکرێت جگە لەم حاڵەتانەدا:

**یەکەم:** کەسی نزیکی مێینەی نەبێت.

**دووەم:** کەسی نزیکی مێینەکە (دایك یان خوشکی کەمئەندام) بەهۆکاری پەککەوتەیی یان نەخۆشی توانای چاودێریکردنی کەمئەندامەکەی نەبێت و لەلایەن لیژنەی پزیشکییەوە پشتڕاست بکرێتەوە (لە حاڵەتەکانی: پەککەوتەیی جەستەیی و نەخۆشی دەروونی بەڕێژەی (٦٠٪) و یان نەخۆشی شێرپەنجە) لەم حاڵەتانەدا نزیکترین کەس لەکەمئەندامەکە لە ناوەوەی خێزانەکەی خۆی (باوك یان برا) ئەتوانێت مۆڵەت وەربگرێت.

**مادده (٩): مۆڵەتی خۆتەرخانکەر :**

١- ماوەکەی **(١)** یەك ساڵە و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

٢- نابێت ماوەی نێوان پێشکەشکردنی داواکاری بۆ مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەشکراو لە شەش **(٦)** مانگ زیاتر بێت.

**مادده (١٠): لیژنەکانی تایبەتمەند بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە وەزارەت:**

**یەکەم:** لیژنەی باڵای دیوان: بەفەرمانی وەزیر پێکدەهێنرێت و لە یاسایی و توێژەری کۆمەڵایەتی ودەروونی پێك دێت بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و بەدواداچوون بۆ لیژنەکانی تری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر.

**دووەم:** لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکان بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی ، بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامیەتی فەرمانبەرێکی یاسایی و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و یان دەروونی یان بەفەرمانی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارەسەربەخۆکان ، بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەر و ئەندامیەتی فەرمانبەرێکی یاسایی و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و یان دەروونی پێك دەهێنرێت بە مەبەستی :

أ- دیراسەکردنی داواکارییەکان و دیاریکردنی پێویستبوونی (کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت) بەخۆتەرخانکەر و دەستنیشان کردنی کەسی خۆتەرخانکەر و بەرزکردنەوەیان بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت .

ب- بەدواداچوون بۆ ئەو مۆڵەتانەی کە دراون بۆ خۆتەرخانکەر لە ناوەندی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت.

ج- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەدواداچوون بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت.

**سێیەم :** لیژنە لاوەکیەکان: لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە دوورن لەسەنتەری پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان ، **و** بەپێی پێویستی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئیدارەسەربەخۆکان پێکدەهێندرێت ، بەمەبەستی :

أ- بەرزکردنەوەی داواکاری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر بۆ لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان وبەرێوەبەرایەتی ئیدارەسەربەخۆکان .

ب- بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی خۆتەرخانکەر لە سنووری کاری خۆیان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بۆ بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئیدارەسەربەخۆکان بەشێوەی وەرزی یان لەکاتی پێویست و بەرپرسیار دەبێت لەو زانیاری وهەڵسەنگاندنانەی پێشکەشی دەکات.

**مادده (١١): حوکمە سزاییەکان:**

هەرکەسێك خۆی تەرخان کردبێت بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمتەرخەمی بکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا یان ئەگەر دەرکەوت کە کارێکیتر دەکات سزا دەدرێت بەپێبژاردن کە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارکەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ، سەرباری هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەی هەموو ئەو مووچانەی وەریگرتوون لەماوەی مۆڵەتەکەیدا لێی وەردەگیرێتەوە.

**مادده (١٢):**

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە هیچ ڕێنماییەکی تری تایبەت بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر ناکرێت.

**مادده (١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٤٦٢ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٣**

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧٠١) لە ٢٠٢٤/٨/٨ و نووسراوی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجـومەنی وەزیرانــی عێراقــی فیــدراڵ ژمــارە (ق/٢/٥/٢٧/٢٩٧٢٢) لە ٢٠٢٤ /٦/٢٧ و بــڕگەی (یەکەم) لەکۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢٤/٩/١٧ تـایبەت بە سەرمووچەی ساڵانەی پلە تایبەتەکان بڕیاردرا بە :-

١- ئاستی باڵای مووچەی پلە تایبەتیەکان(ب) (٢٣٣٠٠٠٠) تەنها دوومليۆن و سێ سەد و سی هەزار دینـار دەبێت و دوای ئەوە سەرمووچەی ساڵانە وەرناگرن .

٢- ئاستی باڵای مووچەی پلە تایبەتیەکان(أ) (٣٢٤٣٠٠٠) تەنها سێ مليۆن و دوو سەد و چل و سێ هەزار دینار دوای ئەوە سەر مووچەی ساڵانە وەرناگرن .

٣- ئەو پـلە تایبەتـانەی کە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی و سـەرووترن و سـەر مووچەیـان لە مەرتەبە (١١) تێپەربووە دەگەڕێنەوە مەرتەبە (١١) بەبێ وەرگرتنەوەی جیاوازی .

٤- کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٥١٨ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٣**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشـت بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٤٧٨٩) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ تـایبەت بەهەمـوارکردنەوەی بڕگەی (یەکەم/٦)ی ڕێنمایی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٢ بەم شێوەیەی خوارەوە :-

پشـت بەسـت بە مـاددەی (٤٦) لە یاسـای خـزمەت و خانەنشـینی پێشـمەرگە ژمـارە (٣٨)ی سـاڵی ٢٠٠٧ ئەگەر دوای (٢) دوو سـاڵ لە ڕێکەوتـی شایسـتەبوونی بـۆ پـلە بەرزکـردنەوە پـلەی بەرز نەکـرایەوە خانەنشین دەکرێت بە پلەیەکی بەرزتر لە دوا پلەی .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٢٦٠٤ لە ٢٠٢٤/١١/٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بەپێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە هەموارکراو بە بەیانمان ژمارە (٢١)ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە :-

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هە مواری سێیەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە**

**لە هە رێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**مادده (١)**: زیادکردنی خاڵی (٤) لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە .

**ماددەی (٤):**

**سێیەم:**

٤-بەخشینی هەڵگرانی جۆری پاسپۆرتی ئەو وڵاتانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە و ئەو وڵاتانەی لە داهاتوو پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی بەخشین لە عێراقی فیدرال دەردەچێت بۆیان لەوەرگرتنی ڤیزەی هاتنەژوورەوە :-

| ز | ووڵات | جۆری پاسپۆرت | یاسا |
|---|---|---|---|
| أ | کۆماری قوبرس | دبلۆماسی ، خزمەت | بەپێی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراقی فیدراڵ |
| ب | کۆماری ئەرمینیا | دبلۆماسی ، خزمەت | بەپێی یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراقی فیدراڵ |
| ج | روسیای فیدرالی | دبلۆماسی ، خزمەت ، تایبەت | بەپێی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراقی فیدراڵ |
| د | کۆماری چینی میللی | دبلۆماسی ، خزمەت ، تایبەت، کاروباری گشتی | بەپێی یاسای ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراقی فیدراڵ |

**مادده (٢):**

زیادکردنی ووڵاتی (ئازەربیجان) بۆ ووڵاتانی بڕگەی (١) سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١.

**مادده (٣):** ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە ١٩٢٧ لە ٢٠٢٤/١١/٦**

پشت بەست بە ماددەی (١٨،١٧) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و بڕگەی (١) لە ماددەی (٥)و ماددەی (١٠)لە یاسای دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠،ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی کاروباری چاودێرانی ژینگەیی بۆ پرۆژەکان**

**ماددە (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

٢- **دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

٣- **سەرۆک:** سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٤- **دەسەڵاتی ژینگەیی:** لەلایەن سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو ڕێپێدراوەکەی لە هەرێمی کوردستان – عێراق پیادە دەکرێت.

٥- **لیژنەی پشکنین و چاودێری:** لیژنەی پشکنین و چاودێری لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم .

٦- **چاودێری ژینگەیی:** کەسێک کە دەرچووی بواری ژینگە بێت یاخود کۆرسێکی لەبواری ژینگە خوێندبێ و چاودێری جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان بکات لە پرۆژەکاندا.

٧- **پێناس:** پێناس(باج)ی چاودێرانی ژینگەییە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی چاودێری ژینگەیی لە سەر پرۆژەکان بەکاری دەهێنن، کە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بۆیان دروست دەکرێت، وە زانیاری پێویستی تێدا تۆماردەکرێت.

٨- **پیسبوونی ژینگە:** بریتیە لەهەر گۆڕانکارییەک کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار بکاتە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی ژینگە (ئاو، هەوا، خاک ، هەمەجۆری بایلۆجی ) .

٩- **پرۆژە:** هەر جۆرە پرۆژەیەکی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان کشتوکاڵی یان تەندروستی یا هەر پرۆژەیەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .

**ماددە (٢): ئامانجەکان:**

ئامانج لەم ڕێنماییە ئەمانەی خوارەوەیە:-

١- پارێزگاری کردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی لە هەر جۆرە پیسبوونێک لە ئەنجامی چالاکی پرۆژەکان .

٢- پاراستنی سروشت و تەندروستی گشتی لە مەترسی چالاکییەکان و پرۆژەکان و پارێزگاری کردن لە دەرامەتی سروشتی و گەشەپێدان و دەست پێوەگرتنی .

٣- پەیڕەوکردنی سیاسەتی ژینگەیی لە پلانی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان لە هەموو چالاکییە مرۆییەکانی وەک پیشەسازی و خزمەتگوزاری و تەندروستی و کشتوکاڵی و چالاکی دیکە .
٤- زیاتر ئاشنابوون و پابەندی خاوەن پڕۆژە و چالاکییەکان بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان .
٥- وەگەڕخستن و بەرجەستەکردنی توانا زانستییەکان لە بواری ژینگە.

**ماددە (٣): پابەندییەکانی خاوەن پڕۆژە:**

**یەکەم:** لەکاتی پێدانی ڕەزامەندی ژینگەیی بە خاوەن پڕۆژەکان، ئەوا خاوەن پڕۆژە پابەند دەکرێت بەدانانی چاودێری ژینگەیی لە پڕۆژەکە، کە لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە بۆی دیاری دەکرێت ودادەندرێت.

**دووەم:** وەرگرتنی بەڵێننامە لە خاوەن پڕۆژە بۆ پابەند بوون بەناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** پێویستە خاوەن پڕۆژەو گشت کارمەندانی پڕۆژەکە، کارئاسانی پێویست بکەن بۆ چاودێری ژینگەیی بەمەبەستی باش ڕاپەڕاندنی ئەرکی چاودێری، بە پێچەوانەوە خاوەن پڕۆژە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە ڕێکاری یاسایی لە دژ دەگیرێتەبەر.

**چوارەم:** پێویستە خاوەن پڕۆژە مووچەی مانگانەی چاودێری ژینگەیی لە ڕۆژی کۆتایی هەرمانگێک ڕادەستی هۆبەی ژمێریاری فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بکات و دواتر لەلایەن هۆبەی ژمێریاری بدرێت بە چاودێری ژینگەیی.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی دانانی چاودێری ژینگەیی لەپڕۆژەکان:**

١- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .
٢- هەڵگری یەکێک لە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) بێت، تایبەت بە دەرچووانی ژینگە .
٣- لەکاتی نەبوونی ئەو بڕوانامانەی لەخاڵی (٢) دووی سەرەوە هاتووە، ئەوا فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەگوێرەی جۆری پڕۆژەکە بڕیار دەدەن لەدانانی دەرچووی ئەو بەشانەی کە لەکۆلێژەکان کۆڕس (تێرم) و وانەی تایبەت بەژینگەییان تێدا دەخوێندرێت جگە لە پسپۆڕییە کشتوکاڵییەکان.
٤- چاودێری ژینگەیی نابێت لە کەرتی گشتی (میری) دامەزرابێت چ بە شێوەی هەمیشەیی یان بەشێوەی گرێبەست ، وە نابێت لەکاتی دەوامی ئاسایی لەهیچ شوێنێکی دیکەی کەرتی تایبەت گرێبەستی هەبێ و کاربکات.
٥- دەبێت چاودێری ژینگەیی دانیشتووی سنوری جوگرافی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بێت، تەنها لە ئەگەری نەبوونی کەسی پسپۆڕ لە سنوری فەرمانگەدا، دەتواندرێت سوود لە کەسانی پسپۆڕی ناوچەکانی دیکەی هەرێم وەربگیرێت بۆ پڕۆژەکان بە ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگەی پەیوەندیدار، واتە "ئەو سنورەی پڕۆژەکەی لێیەو ئەو سنورەشی کە کەسی پسپۆڕی لێوە دێت".

٦- وەرگرتنی بەڵێننامە لە چاودێری ژینگەیی بۆ ڕاست و دروستی زانیارییەکانی و پابەند بوون بەناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە و گرێبەستەکەی لەگەڵ فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە.

**مادده (٥): ماف و شایستەکانی چاودێری ژینگەیی:**

١- تەواوی ماف و مووچە و پێداویستی و شایستە داراییەکانی چاودێری ژینگەیی لەسەر خاوەن پڕۆژە دەبێت، نابێ موچەکەی لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر بێت .

٢- چاودێری ژینگەیی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی و بەهۆی کارەکەی توشی هەر زیانێك بێت بەپێی یاساو رێنماییە پەیوەندیدارەکان مافی قەرەبووی دەبێت.

٣- بەهەمان شێوەی فەرمانبەرێکی گرێبەستی حکومی دەتوانێ سود لە جۆرەکانی وەرگرتنی مۆڵەت وەربگرێت لەڕێی دەسەڵاتی ژینگەیی لە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەیەوە.

**مادده (٦): زانیاری تایبەت بە چاودێری ژینگەیی:**

پێویستە چاودێری ژینگەیی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش بە فەرمانگەکانی ژینگە بکات:

١- کارتی نیشتیمانی .

٢- کارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .

٣- وێنەیەک لەبڕوانامە یان پشتگیرینامەی راستێندراو .

٤- پوختەی زانیاری کەسی (cv) .

**مادده (٧): پێناسی چاودێری ژینگەیی:**

**یەکەم:** پێناسی تایبەت لە لایەن فەرمانگەکانی ژینگە دەدرێت بە چاودێری ژینگەیی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

***پێناسی چاودێری ژینگەیی***

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

فەرمانگەی ژینگەی:...............

ناوی چاودێری ژینگەیی:......................

ژمارەی پێناس:.....................

ناوی پڕۆژە:

ژمارەو ڕێکەوتی نووسراوی ڕەزامەندی پڕۆژە: ..................

شوێنی پڕۆژە:........................

ڕێکەوتی بەسەرچوون: ...............

**دووەم:** پێناسی چاودێری ژینگەیی دوای ڕەزامەندی دەسەڵاتی ژینگەیی ساڵانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە نوێ دەکرێتەوە، وە لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی چاودێری ژینگەیی پێویستە باجەکەی لێوەربگیرێتەوە.

**ماددەی (٨): چاودێری ژینگەیی لە پڕۆژەکان ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:**

١- دەبێت پابەند بێت بۆ بەدواداچوون لەجێبەجێکردنی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی ژینگەیی بەخاوەن پڕۆژە دەدرێت .

٢- دەبێت ڕاپۆرتی وورد و زانستی بەشێوەی وەرزی یان لەکاتی پێویستدا ئاراستەی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بکات .

٣- پابەندبێت بەو ئەرکانەی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لە دەرەوەی پڕۆژە پێی دەسپێرێت.

٤- لەکاتی سەردانیکردنی لیژنەی پشکنین و چاودێری فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە، پێویستە چاودێری ژینگەیی زانیاری تەواو لەسەر پابەندبوونی خاوەن پڕۆژە بە یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکان بخاتە بەردەستیان.

٥- چاودێری ژینگەیی پێویستە گشت بەراییەکانی ڕەزامەندی ژینگەیی پڕۆژەی لەبەردەستبێ بەتایبەت ڕاپۆرتی (EIA) و بیکاتە بنەمای کاری چاودێرییەکەی.

٦- لەکاتی پێدانی مۆڵەت بەچاودێری ژینگەیی لەسەر هەر پڕۆژەیەک، پێویستە لەلایەن چاودێرانی ژینگەیی لەسەر پڕۆژەکانی دیکە ئەم ئەرکە بەشێوەی کاتی تا گەڕانەوەی لە ئەستۆ بگیرێت، وە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بەشێوەیەکی دادگەرانە ڕێکبخرێت.

**مادده (٩):** هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی چاودێری ژینگەیی لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەبێت لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە:-

أ- لەسەر داوای چاودێری ژینگەیی، یا بەهۆی نەخۆشی نەتوانێ کارەکەی ڕاپەڕێنێت .

ب- کەمتەرخەمی بنوێنێ لە ئەرکەکانی وێڕای ئاگادارکردنەوە لەسەری بەردەوامبێت.

ج- بە ئەنقەست زانیاری و ڕاپۆرتی ناڕاست بدات بە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی یا تاوانێک ئەنجامبدات.

د- بەهۆی گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی یان هەڵوەشاندنەوە یان لەکارکەوتنی پڕۆژە.

هـ- ئەگەر هاتوو دابڕا لە ئەرکەکانی بێ بوونی مۆڵەت و ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی، بەبێ هۆکاری باوەڕپێکراو بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ لەسەر یەک.

**مادده (١٠): ئەو پڕۆژانەی کە پێویستە چاودێری ژینگەییان لەسەر دابندرێت:**

**یەکەم:** دانانی چاودێری ژینگەیی بۆ هەموو پڕۆژەکانی پۆلێنی ( أ ، ب ) وە پڕۆژەکانی پۆلێنی (ج) کە پێویستیان بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی و دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ هەیە .

**دووەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی دوای هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکەو بەپێی پێویستی دەکرێ زیاتر لە چاودێرێکی ژینگەیی لەسەر پڕۆژەیەک دابنێت.

**سێیەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی دوای هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکەو بەپێی پێویستی یان ماوەی کارکردنی پڕۆژەکە دەکرێ یەک چاودێری ژینگەیی بۆ چەند پڕۆژەیەک دابنێت .

## حوکمە کۆتاییەکان

**مادده (١١):**

**یەکەم:** ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ چاودێرانی ژینگەیی لەلایەن بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان پیادە دەکرێت.

**دووەم:** پێویستە دەوامی چاودێر لەکاتی دەوامی ئاسایی فەرمانگەکانی میری بێت، کە لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە دیاری دەکرێت و ڕێکدەخرێت، وە لەحاڵەتی پێویستدا کاتی دەوامی چاودێری ژینگەیی لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە گۆڕانکاری تێدادەکرێت بەپێی پێویستی و کاتی کارکردنی پرۆژە.

**سێیەم:** چاودێری ژینگەیی لە کاتی ویستی وازهێنانی لە کارەکەی وەکو چاودێری ژینگەیی دەبێت بە یاداشتێك فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکار لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بۆ دانانی جێگرەوەی.

**چوارەم:** چاودێری ژینگەیی پەیوەستە بە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە .

**پێنجەم:** ڕێکاری دیاریکردن و دانانی چاودێرانی ژینگەیی لەڕێی لیژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە بە دیدار و سیستەمی خاڵبەندی و بەشداربوون لەخول دەبێت دوای پەسندکردنی لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی.

**شەشەم:** لیژنەی پشکنین و چاودێری پرۆژەکان لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەرپرسن لە چاودێری و بەدواداچوونی کاروباری چاودێرانی ژینگەیی لەسەر پرۆژەکان.

**حەوتەم:** پێویستە چاودێری ژینگەیی لەگەڵ دەستبەکارکردن و (بەرهەمهێنانی) پرۆژە دەستبەکاربێت، ئەگەر دوای تێپەڕینی یەک مانگ بەسەر دەستبەکاربوون و بەرهەمهێنانی پرۆژەکە بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەن پرۆژە و بێ بوونی پاساوی باوەڕپێکراو، خاوەن پرۆژە پابەند نەبوو بە کارکردنی چاودێری ژینگەیی ئەوا دەسەڵاتی ژینگەیی هەڵدەستێت بە سزادانی خاوەن پرۆژەکە، بە بڕی (٨،٠٠٠،٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار بۆ هەر ساڵێک.

**هەشتەم:** دوای وەرگرتنی بەڵێننامە و ئەنجامدانی گرێبەست و دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بە دیاریکردن و دانانی چاودێری ژینگەیی لەسەر پرۆژەکە، بە نوسراوی فەرمی لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە خاوەن پرۆژە ئاگاداردەکرێتەوە بۆ مەبەستی هاوکاری و ئاسانکاری بۆ چاودێری ژینگەیی لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێری ژینگەیی.

**نۆیەم:** پێویستە هەموو پرۆژەیەک کە ڕەزامەندی ژینگەیی هەیە بەپێی ماددەی (١٠)ی ئەم ڕێنماییە، لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی چاودێری ژینگەیی بۆ دابندرێت.

**دەیەم:** ئەگەر چاودێرێکی ژینگەیی بۆ چاودێری زیاتر لە پڕۆژەیەک دیاریکرا، بەشێوەیەکی دادگەرانە لەنێوان پڕۆژەکان مووچەکەی بۆ دیاری دەکرێت بەمەرجێک نابێ لە بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر بێت.

**یانزدەیەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی بەپێی پێویستی پاراستنی ژینگەو پاساوی باوەڕپێکراو بڕیاردەدات لە سەر بەردەوام بوون یان پچڕاندنی کاری چاودێری ژینگەیی لە ماوەی لەکار وەستانی پڕۆژەکە .

**دوانزدەیەم:** فەرمانگەی ژینگەی سنورەکە دەکرێت ڕاپۆرتەکانی چاودێرانی ژینگەیی و لیژنەی پشکنین و چاودێری بکاتە بنەمای کارکردنی و گرتنەبەری ڕێکارەکان.

**سیانزدەیەم:** دەکرێت شوێنی سەرەکی دەوامی چاودێری ژینگەیی فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی بێت یاخود هەر شوێنێکی دیکە ، کە بەپێی پێویستی لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دیاری دەکرێت.

**چواردەیەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ خاوەن پڕۆژە یاخود چاودێری ژینگەیی شوێنی کاری چاودێرانی ژینگەیی بگۆڕێت لە نێوان پڕۆژەکاندا.

**پانزدەیەم:** لە حاڵەتی دانان یان گۆڕینی چاودێری ژینگەیی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، ئەگەر خاوەن پڕۆژە یان چاودێری ژینگەیی لەدەرەوەی ئەم ڕێنماییە مامەڵەیان لەگەڵ کرا ، بۆیان هەیە بەیاداشتێک سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ئاگاداربکەنەوەو تیایدا داواکاری خۆیان بخەنەڕوو.

**شانزدەیەم:** سەرپێچیکاری ئەم ڕێنماییە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**مادده (١٢):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بێت.

**مادده (١٣):**

ڕێنمایی تایبەت بە چاودێری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵدەوەشێتەوە لە ڕێکەوتی کارپێکردنی ئەم ڕێنماییە پاش بڵاوبوونەوەی لە وەقایعی کوردستان.

**مادده (١٤):**

ئەم ڕێنماییە دوای (١٠) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت .

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە:**

بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی لە هەر جۆرە پیسبوونێک لە ئەنجامی چالاکی پڕۆژەکان و زیاتر ئاشنابوون و پابەندی خاوەن پڕۆژەکان بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان و وەگەڕخستن و بەرجەستەکردنی توانا زانستییەکان لە بواری ژینگەدا و فراوان و کاراکردنی زیاتری چاودێری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان.

**ئەندازیار عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٠٦٧٢ لە ٢٠٢٤/١٠/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (بیست و شەشەم / یەکەم ) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمووارکراو ، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣١٦) لە ٢٠٢٤/٩/٣٠ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان /سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٨٠٠) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٢٤٢٥) لە ٢٠٢٤/٨/٧ سەبارەت بەهێنانەکایەی قەزای (بەحرکە) لە سنووری پارێزگای هەولێر و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٩١٥) لە ٢٠٢٤/٧/١٥ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی قەزای (بەحرکە)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**بەحرکە**) لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هەمان سنووری ئێستای ناحیەی (بەحرکە) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٣ وەکاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٠٩٠٥ لە ٢٠٢٤/١٠/١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (بیست و شەشەم/یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٣٥) لە ٢٠٢٤/١٠/١٣ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٩٦٩) لە ٢٠٢٤/١٠/١٤ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨١٠١) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥سەبارەت بەهێنانەکایەی قەزای (تەقتەق) لە سنووری پارێزگای هەولێر و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی قەزای (تەقتەق)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**تەقتەق**) لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هەمان سنووری ئێستای ناحیەی (تەقتەق) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/١٤ وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦١ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، و ئاماژە بەهەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٤٨٢) لە ٢٠٢٤/٨/١١ و (٥٩٥٩) ٢٠٢٤/١٠/٧ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨٠٢٣) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**فراوان کردنی حەرەمی گوندی (گەلوک)**

**یەکەم:** فراوان کردنی حەرەمی گوندی (**گەلوک**) و چە سپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی دارەتوو لە سنووری قەزای بەردەرەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٨٧/٢٣/٨٣) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٢)کەرتی (٥١/گەلوک) و ڕووبەری (٧٨/٦/٢) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٦) کەرتی (٥٠/کانی هورچ) کە کۆی گشتی ڕووبەرە کە بریتیەلە (١٦٦/١٤/٨٥ دۆنم ) بەمەبەستی زیاد کردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (گەلوک ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە ، بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦٢ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندەكان و گواستنەوەی شوێنیان ئاماژە بەهەر دوو نووسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢٨٠٣) لە ٢٠٢٤/٥/٢٣ و (٥٩١٠) لە ٢٠٢٤/١٠/٣/ ونووسراومان ژمارە (١٧٨٤٠) لە ٢٠٢٤/٦/٢٧ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەكایەی گوندی (چارچەل)**

**یەكەم:** هێنانەكایەی گوندی (**چار چەل**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەكەم/٦ لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی گردەسێن لە سنوری قەزای ئاكرێ لە پارێزگای دهۆك بەڕووبەری (١٥دۆنم) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٣) كەرتی (١٠٥/بێناتان) وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆك لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦٣ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، وئاماژە بە هە ردوو نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(٣٤٥٠) لە ٢٠٢٤/٤/٢٥ و (١٠٣٧٦) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ ونووسراومان ژمارە (١٢٨١٧) لە ٢٠٢٤/٥/٨ و لە بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی گوندی (بەکری حاجی شریف)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**بەکری حاجی شریف**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی عەربەت لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (-١٠،١١،) دە دۆنم و یانزە ئۆلک لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (٦٦،٦٤،٥١،٥٠،١٩) لەکەرتی (١٨/عەربەت) و (٢٤/بێستان سور ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە، بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤٠١٥ لە ٢٠٢٤/٨/١٣**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، ونیشانە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٣٥٦٥) لە ٢٠٢٤/٧/٣٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- بەرزکردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عەنکاوا) بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عەنکاوا) لە قەزای عەنکاوا – پارێزگای هەولێر

٢-ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٥٤٠ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٣**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩/دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان بڕیارماندا بە:-

١- هەڵوەشاندنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی سەرسەنگ) لە پارێزگای دهۆک لەبەرکەمی مامەڵەی ڕۆژانە لەم فە رمانگەیە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٥٧٢٦ لە ٢٠٢٤/١١/٣**

## بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی (**بەشی لێکۆڵینەوە**) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی وەزارەتمان .

٢-ئە م بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٥٦٩١ لە ٢٠٢٤/١٠/٣١**

## بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ونیشانە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٤٥٣١) لە ٢٠٢٤/١٠/٢٨ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی ( **فەرمانگەی دادنووسی ئێواران**) لە سەنتەری شاری سلێمانی.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٨٩٥ لە ٢٠٢٤/١١/١١**

## بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و دوابەدوای بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ی وەزارەتمان تایبەت بەکردنەوەی و بەستنەوەی (یەکەی رادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران) بە نووسینگەی وەزیری داد لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و رێکخستنەوەی کارگێری بڕیارماندا بە:-

١- گۆڕینی ناوی (**یەکەی رادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران**) بۆ (**بەشی رادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران**) سەر بەنووسینگەی وەزیری داد دەبێت و بە هەماهەنگی و هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کارە کانیان رایی دەکەن.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی فریاکەوتنی بەردەرەش) لە قەزای بەردەرەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١٠/١٠.

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (خۆراک و قەڵەوی) لە ناو نەخۆشخانەی شار سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١٠/١٠.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**